# باشترین كات بۆ پەروەردەكردنی ئیرادە كاتی لاویێتیە

كاروان ئیبراهیم/ زانكۆی سلێمانی
Halat_karwan@yahoo.com

خۆپـەروەردەكردن و خۆدروسـتكردن و ڕەخنەلـەخۆگرتن تایبەتمەندیـەكانی مرۆڤێكـی ژیـرە كـە دەخـوازێ لەڕێگـەی بنیاتنـانی خۆیـەوە خزمـەت و سود بەدەورەبەرەكـەی بگەیـەنێت، گـرنگترین لایـەنیش بـۆ خۆپـەروەردەكردن ڕێزگرتنـە لەكات چونكە ئەگەر مرۆڤ ڕێزی لـەكات نـەگرت ئـەوا بـێ ئـەوەی خـۆی هەسـتی پێبكات ژیـانێكی بـێ واتـا دەژی و وەكـو مردویەك وایە، كاتیش بەزەیی بەهیچ كەسێكدا نایەتەوە و چاوەڕوانی كەس ناكات بلاّم منی مرۆڤ دەبێ ڕێزی لێبگـرم و نەهێڵم لـە بـەلاش بـچێت، ئەگـەر جارناجـاریش بەشـتی بێكـەڵك بەفیڕۆمـدا دەبـێ ڕەخنـەی خـۆم بكـەم چونكە ڕەخنـە لەخۆكردنێكی ڕاست لە بیروئەندێشەیەكی ڕاستەوە دێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیلێم ئەوەیە، ئەگەر كات بەفیڕۆنەدان بەشتی بێ كەڵكەوە بۆ مرۆڤێكی بەتەمەن گرنگ بێت ئەوا بۆ لاوان و خوێندكاران دەیان جار گرنگە چونكە گرنگترین وەخت بۆ پەروەردەكردنی ئیرادە و بنیاتنانی خـود كـاتی لاوێتیە، ئەگەر منی گـەنج لـەم تەمەنـەدا بیر لـەوە نەكەمـەوە كـە خـۆم پـەروەردە بكـەم و ئـیرادەی ئـازادی خـۆم وەك و تاكێك بدۆزمەوە كە زۆر هەوڵدراوە ئەو ئیرادەیە بشێوێنرێ، ئـەوا كـاتێـك بوومـە چـل یـان پـەنجا سـاڵە هـەرگیز نـاتوانم، بەڵام لەوانەیە ئەوكاتە خۆزگە بخوازم و بڵـیم"خۆزگـە كـاتی لاوێتـیم بـەفیڕۆ نـەدەدا" بـەڵام داری خۆزگـە بـەرناگرێ و بێگومـان ئەمـەش تایبەتمەنـدی كەسـایەتی كـوردە كـە هەمیـشە خۆزگـە بـۆ لەدەسـت چـوەكانی دەخوازێـت، ئـەوەی كەدەمەوێت لەم بابەتەدا لەسەری ڕابوەستم ئەوەیە، گەنجی ئەمڕۆی كوردستان یـان لەخـەیاڵێكی دوور لەڕاسـتیدا دەژی، ئەویش ئەو خەیاڵەیە كە دەچێتە ئەوروپا و لـەوێ بەهەشـتێك بۆخـۆی بنیـات دەنـێ كـە مـن بۆخـۆم وەكو گـەنجێك لـە خەیاڵمدا ئەو پرسیارە دەكەم كە بۆچـی هەوڵـنـەدەین كوردستان بكەینـە بەهەشـت..؟! ئەوكاتـە خوشـك و بـرا و دایـك و باوك و دۆست و گەلەكەشمان سودی لێ دەبینێ و تێیدا دەژی..! یـاخود بـێ خـەیاڵ و هیـوا دەژیـن و خۆیـان لـە بەرانبـەر هیچ شتێك بەرپرسیار نابینن، بۆ نمونە لەشوێنێكی وەكو زانكۆی سلێمانی كە هەزاران خوێندكاری تێدا دەخوێنێت كـات هیچ بایەخێكی نیەو ڕێزی لێ ناگیرێت و هـەموو كاتـەكان بەشـتە ڕۆژانەییەكانـەوە بەسـەردەبەین، كـاتێكیش چـوار سـاڵ تەواو دەبێت شتێك فێرنەبوین كە مایەی شانازی بێت بـۆ كۆمەڵگاكـەمان، حەزوخۆشەویـستیمان بـۆ زانـست و مەعریفـە نیە، عەشقی خۆپـەروەردەكردن و خـۆ بنیاتنانمـان نیـە؟ لەگـەڵ ئەوەشدا گلـەیی لەهەركەسـێك دەكـەین لـە كۆمـەڵگا لـە حوكمەت لە كەلتور كەژیانێكی خۆشیان بۆ ئێمە دابین نەكردووە، بێگومان ئەمەش ڕاستە، بەڵام پێش ئەوە ئێمـە وەك و گەنج دەبێت ڕەخنەی خۆمان بكەین كـە بـەدوای ئـیرادەی ئـازادی خۆمانـدا نەگـەڕاوین و خۆمـان نەگەیاندۆتـە ئاسـتێكی بڵندی هۆشیاری، چونكە وەكو دیارە پێدەچێ كەلتورو كۆمەڵگاو حوكمەت هەرگیز بیرلـەوە نەكەنـەوە پێداویـستیەكانمان بۆ دابین بكەن و وەكو گەنج پەوەردەمان بكەن و لە ڕاستینەی خۆمان نزیك بكەنەوە، هەربۆیە پێویستە ئێمەی گـەنج و خوێندكار خۆمان بەو ئەركـە هەڵبـسین ئەگەرچـی دەرفـەت كـەم بێـت و ئاسـتەنگی و هـەژاری و بەربەسـت هـەبێ بـەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە ئێمە دەست لە دۆزینەوەی بەهاكانی لاوێتیمان بەربدەین...